# شیرین و فەرهاد

## وەرگێڕاوی: عەلی باپیرئاغا «کەمالی»

## هینانەسەر ڕێنووسی نوێ: کەماڵ ڕەحمانی

خانێ، ۱۴۰۳/۱۲/۱۳ کۆچی ـ هەتاوی

**سەرچاوە:** شیرین و فەرهاد، عەلی باپیرئاغا «کەمالی»، بڵاوکار: چاپخانەی تەرەقی، کەرکووک: ۱۹۵۶ زایینی (۱۳۷۶ کۆچی ـ مانگی)

﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾

به ناوی خودای بێشەریک و تاک
سانعی خەڵق و زەمین و ئەفلاک
بێکەس، بێ شەریک، بێ جێگە و مەکان
ڕازقی موتڵەق، ڕەحمەت فەراوان
سەڵوات و سەلام بێ حەد و حیساب
لەسەر موحەممەد هەم ئال و ئەسحاب
له پاش سەنای زات پادشای غەفوور
با بکەم باسی فەرهادی فەغفوور
له مەکتەب ئەیخوێند ڕۆیشتەوە شەو
چووە ناو جێگا چاوی چووە خەو
شەو له خەوا دی کەوا دولبەرێ
کچێکی جوانی پەری پەیکەرێ
هات لەگەڵ فەرهاد بەربوونە یاری
به دڵێکی خۆش، به کامکاری
ئەنگوستیلەی خۆی بەخشی به فەرهاد
فەرهادیش هی خۆی پێدا به دڵشاد
فەرهاد لێی پرسی ئەی حۆری لیقا
تۆ ناوت چییه پێم بڵێ توخوا
گوتی ئەی فەرهاد مەبه دڵ غەمگین
مەشهووره ناوم گیانه به شیرین
ئەگەر نازانی جێگه و مەکانم
له نزیک ئەڵوەند له تاقەوسانم
له خەوی شیرین کاتێ که هەڵسا

عەقڵ و شعووری لە سەردا نەما
ئەنگوستیلەکەی شیرینی ئەرمەن
لە پەنجەی دابوو فەرهادی کۆکەن
دەستی کرد بە شین، گریان و زاری
هاواری ئەکرد بە بێ قەراری
ئەیگوت ئەی شیرین دەرمانی دەردم
لە دووری باڵات ئەوا من مردم
مامۆستای فەرهاد بەم حاڵەی زانی
گوتی تۆ شێتی بۆچی نازانی
ئەو خەوەی کە تۆ دیوتە بەتاڵە
زۆر عەیبە بۆ تۆ چییە ئەم حاڵە
فەرهاد عەرزی کرد مامۆستا ئامان
توخوا کامەیە ڕێگەی تاقەوسان
کە دی وا سەری پڕ لە عەشقە و شوور
فەرهادی بردە خزمەتی فەغفوور
گوتی وا فەرهاد غەمبارە و حەزین
هۆشی نەماوە لە عەشقی شیرین
شەوێ لە خەویا شیرینی دیوە
بۆیە وا بووە شێت و کالیوە
خەبەریشیان دا بە دایکی فەرهاد
ئەویش دەستی کرد بە شین و بێداد
گوتیان بە فەرهاد بەختت نوستووە
ناوی شیرینی کەس نەبیستووە
فەغفوور گوتی پێی نووری بینابیم
مایەی تاج و تەخت، کۆکەبەی شاییم

له هەر جێگایەک کچێکی جوان بێ
خاوەن خەت و خاڵ، حۆری جینان بێ
زوو بۆت ئەهێنم مەبە دڵگران
لە دڵت دەرکە ئەم فکرە قوربان
جوابی دایەوە فەرهادی غەمگین
گوتی بە زاتی ڕەببولعالمین
تاکوو نەبینم شیرینی جەم جام
حۆریم بدەنێ لە من بێ حەرام
شا کە دی فەرهاد نییەتی چارە
ئارام ناگرێ، شێتە و ئاوارە
گوتی بە شاپوور: وەزیری غەمخوار
دەخیل و ئامان فەرهادی نازدار
نەسیحەتی کە زۆر چاک لە ڕێگا
بەڵکوو ئەم فکرە لەسەری دەرکا
شاپووری دانا هەڵسا دەستوبرد
ئەسپابی ڕێگای هەموو حازر کرد
تاجی دەروێشی، عەسا و شاخ نەفیر
کەوڵ پۆست، کەشکۆڵ، تەسبیح و حەسیر
هەڵیان گرت ڕۆیین هەردوو بە تەنیا
بە یاهو یاهو ڕۆیشتنە سەحرا
شاپوور هەڵیگرت یەک قەبزە خەنجەر
لەگەڵ چەند دانە ئەڵماس و گەوهەر
حاسڵی ڕۆیین بە تاو و بە دەو
هەتا گەیشتنە بارگەی خوسرەو

شاپووری دانا وتی به فه‌رهاد
تۆ بڕۆ بۆخۆت ببه خاتر شاد
شیرینی ئه‌رمه‌ن شه‌وچراغی شه‌و
وا له باره‌گای که‌یانی خوسره‌و
من وا له سه‌ر به‌رد ئه‌که‌م نه‌قاشی
ئه‌بی له‌و شکڵه تۆ به‌رد بتاشی
هه‌تاکوو منیش شیرینی خۆشبۆ
بێنم بۆ سه‌یری سه‌نگتراشی تۆ
خوڵاسه چووه لای خوسره‌و شاپوور
کردی به وه‌زیر به حوکمی ده‌ستوور
بوو به هاوده‌م و نه‌دیمی خوسره‌و
له خزمه‌تیا بوو به ڕۆژ و به شه‌و
له پاش چه‌ند ڕۆژێ شاپووری دانا
شکڵی خوسره‌و و شیرینی کێشا
به مه‌خفی بردی زوو دای به فه‌رهاد
له به‌رد هه‌ڵیکه‌ند به دڵێکی شاد

## ﴿باسی چاوپێکه‌وتنی شیرین به فه‌رهاد له خه‌ودا و عاشقبوونی﴾

شه‌وێک نوستبوو شیرینی ئه‌رمه‌ن
له خه‌ودا بینی فه‌رهادی کۆکه‌ن
ده‌ستی فه‌رهادی خسته مل شیرین
گوتی گیانه‌که‌م ئه‌ی شازاده‌ی چین
پێم بڵێ بۆچی وا په‌شۆکاوی؟
عاجز و زویری، هه‌ڵبزرکاوی

ئەمەی وەختێ دی لە پڕ ڕاپەڕی
لە عەشقی فەرهاد یەخەی دادڕی
جا ڕۆژێ شاپوور گوتی بە شیرین:
بە سەرگەردت بم شۆخی نازەنین
حەز ئەکەم بچین بە خاتری شاد
تێر بکەین سەیری سەنگتاشی فەرهاد
بە کەنیزەکان ئەمری کرد شیرین:
بچن هەر ئێستا شەودێز بکەن زین
شاتران ڕۆیین دەرحاڵ دەستوبرد
شەودێزیان هێنا زوو بۆی زینیان کرد
سواری شەودێز بوو شای دیدەمەستان
لەگەڵ شاپوورا چوون بۆ تاقەوسان
شیرین گەیشتە تاق و موغاران
سوورەتی خۆی دی کە لەگەڵ یاران
بە شاپووری گوت شیرینی ئەرمەن
بڕۆ بۆم بانگ کە فەرهادی کۆکەن
شاپوور بە تەعجیل چوو بۆ لای فەرهاد
گوتی ڕەنجی من تۆ نەدەی بە باد
شیرین هەر شتێ ئەپرسێ لە تۆ
ڕاستی پێ بڵێ هیچ مەکە درۆ
فەرهاد گوتی پێی شاپووری گیانی
بە قوربانت بێ گیانم مزگانی
دەستی فەرهادی شاپوور گرت بە دەست
بردی بۆ خزمەت شۆخی دیدەمەست
بە ئەدەبەوە فەرهادی غەمگین

سوجدەی بردە بەر خاک پای شیرین
شیرین فەرهادی وەختێ دی بە چاو
لە دڵی دەرکرد خەیاڵاتی خاو
سەری هەڵبڕی گوتی بە فەرهاد
مەسکەنت کوێیە پێم بڵێ ئوستاد
ئەگەر ئیش ئەکەی تۆ بە زیو و زەڕ
کەرەم ئەکەم پێت ئەڵماس و گەوهەر
کار بکە بۆمان لێرە ئەی وەستا
بکێشە شکڵی من و خوسرەوشا
جوابی دایەوە فەرهادی مسکین
گوتی فیدات بم شۆخی نازەنین
من هیچ ئیحتیاجی دوڕ و گەوهەر نیم
تالیبی گەنج و خەزێنەی زەڕ نیم
یاخوا تۆ خۆش بی بە دڵێکی شاد
ڕووحیشت ئەوێ ئەتداتێ فەرهاد
جوابی دایەوە شیرینی ئەرمەن
گوتی نەفام و شێتی ئەی کۆکەن
چاوت هەڵبڕە بزانە من کێم
چەن بێ ئەدەبی تۆ چی دەڵێی پێم
من شیرینی شۆخ بانووی خوسرەو شام
شازادەی ئەرمەن گەوهەرین کولام
ئێستا ئەمر کەم جەلادی خوێنڕێز
ئەتکا بە عیبرەت لە دەرگای پەروێز
فەرهاد ئەمەی بیست سەری خستە خوار
مات و غەمگین بوو زۆر خەجاڵەت بار

شیرین خەوەکەی جا هاتەوە یاد
گوتی لام وایە ئەمەیە فەرهاد
هاتەوە سەرخۆی شای نەونەمامان
لاواندیەوە وەک شیرین کەلامان
فەرمووی ئەی فەرهاد کێ وای کردوە لێت
بۆچ بەم نەوعە بویت دێوانە و سەرشێت
لە کوێوە هاتووی خەڵقی کام شاری
هەتا من بۆ تۆ بۆ بکەم غەمخواری
فەرهاد زۆر گریا گوتی نازەنین
منم شازادەی مەملەکەتی چین
لە شاپوور پرسە گەر ناکەی باوەڕ
بەسەرگەردت بم شۆخی نازپەروەر
بە شاپۆری گوت شیرن بێ درۆ
ئایا فەرهادە ڕاست بڵێ پێم تۆ
شاپور زۆر گریا گوتی بە شیرین
ئەمە فەرهادە پاشازادەی چین
لە عەشقی باڵات زویر و غەمگینە
بۆ تۆ عەوداڵی ڕووی سەر زەمینە
شیرین ئەمەی بیست نیقابی لادا
خۆی بە تەواوی نیشان فەرهاد دا
کۆکەن کە تەواو ڕووی شیرینی دی
لە سەریا عەقڵ و هۆشی دەرپەڕی
دەرحاڵ بێهۆش بوو کەوتە سەر زەمین
شیرین ڕانی خۆی بۆ کرد بە سەرین
سەری فەرهادی خستە سەر باوەش

به بۆنی زوڵفی هێنایەوە هۆش
دەستی فەرهادی ساوی لە چاوی
ماچی کرد گۆنای هەڵبزرکاوی
کە هاتەوە هۆش پاشازادەی چین
لە شەرما هەڵسا دوور کەوت لە شیرین
بە ئەدەبەوە وەستا بەرامبەر
وەکوو خزمەتکار بە دەستەونەزەر
گوتی من هەرچەند شازادەی چینم
بەندە و غوڵامی دەرگای شیرینم
شیرین گوتی پێی ئەی بەرگوزیدەم
پێی غەریبی تۆ بە بانی دیدەم
یاخووا دونیا هەر بە کامت بێ
شیرینی ئەرمەن فیدای نامت بێ
غەم بدە بە با سەرم لەڕێتە
ڕووح و دڵ و ماڵ سەرگەردی پێتە
هیچ خەفەت مەخۆ شای شیرین ئەندام
بە مەقسەدی خۆت ئەگەی بە مەڕام
جا شاپوور گوتی فەرزەندی سەروەر
موبارەکت بێ دیداری دولبەر
فەرهاد عەرزی کرد هەر تۆی غەمخوارم
هەر تۆی دایک و باب، هەم کەسوکارم
ئەمجا شیرینی ئەرمەن ئەمری کرد
خێمە و چادریان هێنا دەستوبرد
خێوەتیان هەڵدا زوو بۆ کۆهکەن
لە لالەزارا لە سەحنی چەمەن

شیرین خەبەری نارد بۆ خوسرەو شا
گوتی عەرزی کەن: ئەی شاهی جەم جا
میوانی هەیە شیرین، پادشا
ئەبێ تا چڵ ڕۆژ ڕوخسەتی بدا
فەرهادی هەڵگرت شیرینی نازدار
چوونە ناو خێمەی خاسی زەڕنگار
غەریب نەوازی کرد لەگەڵ فەرهاد
گوتی گەردنم زوو بکە ئازاد
دەست لە مل بکە، دەم لە ناوی دەم
یەکیان زۆر ماچ کرد بە دڵی خوڕەم
فەرهاد لە دڵا ئەیوت: ئەم حاڵە
ئاخۆ یا خەوە یاخۆ خەیاڵە
عەرزی کرد گوتی: یاری عەنبەر بۆ
پێمان بزانن ئەبین ڕەنجەڕۆ
هەتا کوو چل ڕۆژ شیرین و فەرهاد
عەیش و نۆشیان کرد بە دڵێکی شاد
لە بەدبەختی بەخت فەرهادی چۆڵگەرد
فەلەک ئەو عەیش و کەیفەی بەتاڵ کرد
ئاخری ڕۆژێ حەسوودی بەدکار
چوو بۆ خزمەتی شاهی تاجدار
گوتی زۆر عەیبە بۆ شای ڕووی زەمین
لەگەڵ سەنگتاشێ ڕابوێرێ شیرین
هەر کە ئەمەی بیست شای کەمەرلاڵان
غەم کەیف و زەوقی زوو برد بەتاڵان
وەزیرەکانی بانگ کرد دەستوبرد

ئەم ئەحواڵانەی بۆیان بەیان کرد
گوتی ئەم مەردە قورس و سەنگینە
کوڕی فەغفووری خاقانی چینە
ئەگەر من بکوژم ئەولادی فەغفوور
بەدناوی ئەبێ بۆم تا نەفخی سوور
وا چاکە لەگەڵ ئەو بکەم گرەو
ئەگەر بردیەوە شیرن ئەدەم بەو
بڵێم هەڵکەنە کێوی بێستوون
لە بەرد ئاو بۆ من بهێنە بیروون
جۆگە هەڵبەستە بە هەردەسەردا
ئاو جاری ببێ بە پشت و بەردا
گشت قبووڵیان کرد قسەی بە زەروور
ناردیان هێنایان فەرهادی فەغفوور
فەرهادیان هێنا سەنای شاهی کرد
سوجدەی بۆ تەختی برد بە دەستوبرد
خوسرەو جا گوتی فەرهادی دانا
ئەی سەنگتراشی بێ میسڵ و زانا
زەحمەت بکێشە من بکە مەمنوون
بچوو بتاشە کێوی بێستوون
ئاو جاری بکە ئازا لە سەردا
باخچەیەک بکە لە سای کەمەردا
قەسر و قەڵایێ تیا بکە بەرپا
وەک جامی جەهان نومای جەمشیدشا
تیا دروست بکە چەند حوجرە و تەلار
نەقاشی بکە بە نەقشی زەڕکار

ڕووی شانشین کە وەکوو کرماشان
تیا دانیشین خۆش و شادمان
ئاو جاری ببێ دایم لە سەردا
حەوزی جوان بکە لە فەڕش مەڕمەڕدا
ماسی لە ناویا بێت و بکەن گەشت
خۆش نما و جوان بێ هەر وەکوو بەهەشت
هەرچەند عاشقی باڵای شیرینی
عار نییە بۆ من شازادەی چینی
سەودای عاشقی خۆ زۆر قەدیمە
نە جێی عەیب و عار، نە ترس و بیمە
ئەم کارە نەکەی بۆم تۆ ئەی فەرهاد
ئەمر ئەکەم بدا لە سەرت جەلاد
فەرهاد ئەمەی بیست وتی شەهریار
تۆ هەرگیز مەکە بە قسەی بەدکار
شیرینی ئەرمەن بانووی پادشا
چۆن ناوی ئەبەم قوربان حەدم کوا
ئەگەر حەز ئەکەی بمکوژی قوربان
ئەمر کە جەلاد زوو بمکا بێ گیان
بەندە دوور کەوتم لە ماڵ و مەئوا
لە پەنای تۆ وام شەهریار ئێستا
ئەگەر بە ڕاستی ئەفەرمووی قوربان
حازرم لە ڕێت فیدا ئەکەم گیان
سەنگتاشی بە دەست بەندە ئاسانە
قولەی قاف لە دەست من هەراسانە
سوێند بخۆ وەختێ ئیشم تەواو بوو

نەکەی بە قسەی بەدکاری بەدخوو
نەکەی قەستی قەتڵ فەرهادی بێکەس
خاقانی چینی ئەبێ بە قەقنەس
ئەگەر بمکوژی ئەبەی نەدامەت
کەم شەرتیش ئەبێ هەتا قیامەت
خوسرەو ئەمەی بیست وتی ئەی فەرهاد
سوێندت بۆ ئەخۆم ببە خاتر شاد
بە قەبری هورمز پادشای کیبار
بە تاجی شاهی، بە نوور و بە نار
قەسەم ئەخۆم بۆت بە دارولمەجووس
بە دینی زەردەشت، بە حەقی ناقووس
بە حەقی بوت و هەم بە کلیسا
قەسەم بە ئیسمی پەیکەری عیسا
ئەمین بە لە من، خاترت جەم بێ
لە منەوە بەشت ئەبێ کەرەم بێ
فەرهاد عەرزی کرد خاترم جەمە
بەڵام ئەسپابی سەنگتاشیم کەمە
قوڵنگم دەوێ کە سەد مەن سەنگ بێ
پۆڵای سەوزەوار، کاری فەڕەنگ بێ
ئەبێ بە نەوعێ ئاو بدەن قوڵنگ
وەکوو داری بی پارچە بکا سەنگ
لە هاشە و پڕشەی ئەستێرە ڕەم کا
بە ساتێ سەد گەز سەنگ بۆم قەڵەم کا
خوسرەو کە بیستی ئەمە لە فەرهاد
ناردی هێنایان بۆ مەجلیس ئوستاد

ئەمری کرد هێنرا پۆڵای سەوزەوار
وەستایان هەموو دەستیان کرد بە کار
قوڵنگ تەواو بوو خوسرەو دەستوبرد
تەسلیمی دەستی فەرهادیان زوو کرد
شاپوور بە مەخفی وتی بە فەرهاد
عەشقی باڵای یار تۆ بهێنە یاد
هیممەت بکە تۆ تەواو کە کارت
تا نەسیبت بێ شۆخی دڵدارت
فەرهاد وتی پێی شاپوور هاسانە
کێوی قاف لە دەست من هەراسانە
ئەترسم خوسرەو کە پەشیمان بێ
شەرت و سوێندەکەی نەهێنێتە جێ
ئومێدم هەیە بە خودای یەکتا
بگەم بە وەسڵی شۆخی بێ هەمتا

## ﴿باسی ڕۆیشتنی فەرهاد بۆ کێوی بێستوون﴾

هەڵسا بە پڕتاو فەرهادی مەحزوون
ڕۆیشت گەیشتە کێوی بێستوون
گوتی ئەلسلام ئەساسی دینم
قاتڵی سەری شازادەی چینم
لە پڕ دەنگێ هات لەسەر قولەی کێو
گوتی ئەی فەرهاد زویر و باربەلێو
مبارەکت بێ یاخوا مەرگی نەو
بۆ ماملەت کرد تۆ لەگەڵ خوسرەو

جوابی دایەوە فەرهاد بە گەرمی
وتی ئەی بێستوون بە تۆ نیە نەرمی
بەڵکوو لە سایەی قولەی بەرزی تۆ
بگەم بە وەسڵی نەونەمامی نۆ
بە قوڵنگ فەرهاد زوو تاشی تاشان
وەک قاشی پەنیر هێنایە دامان
چەند ڕۆژێ لەمە کەوا تێپەڕ بوو
خێڵخانەی شیرین جا بۆ قەسر چوو
هۆشی لانەما بۆ فەرهادی چین
بۆ فرسەت دایم ئەگەڕا شیرین
شیرینی ئەرمەن عاقیبەت یەک شەو
نەنووست هەتاکوو شاهی کردە خەو
ئێشکچی نووستن هەڵسا دەستوبرد
شەودێزی دەرکرد ئازا زینی کرد
سواری شەودێز بوو شیرینی ئەرمەن
ئاوزەنگی لێدا بە یادی کۆکەن
شۆخی نازەنین بەبێ چەند و چوون
بەغار گەیشتە کێوی بێستوون
سەیری کرد فەرهاد ئەوا لەسەر کۆ
تێر تێر سەیری کرد نەونەماومی نۆ
گوێی لێ بوو فەرهاد بە دڵی حەزین
وا شیعر ئەخوێنێ لە عەشقی شیرین
قوڵنگ لێ ئەدا ئەڵێ ئەی دڵدار
کەی بێ لە ڕێتا ڕووح بکەم نیسار
پارچەیەک لەبەرد تەشوێی ئاگرڕێز

له پڕ هات و دای له ڕانی شەودێز
له زەربی بەردی ئاگراوی سەر یاڵ
ڕانێکی شەودێز ورد بوو وەک خرخاڵ
شیرین دی زامی شەودێز بوو کاری
بەربووه شین و گریان و زاری
گوتی به فەرهاد شیرینی ئەرمەن
هەر کەس که وەک تۆ ببی به کۆکەن
بۆچ ئەبێ چاوی نەبینێ دەییار
ڕانی ئەسپی دۆست بشکێنێ به قاڕ
ئێستا چۆن بکەم من چارەی شەودێز
چی بدەم جوابی خوسرەوی پەروێز
فەرهاد هات که دی وا یاری شیرین
ئەگری به دڵی عاجز و غەمگین
ساتێ حەبەسا تفی له خۆی کرد
وتی ئەی فەرهاد پەنجەت ببێ ورد
به ئەدەبەوه به دڵی حەزین
سوجدەی بردەبەر خاک و پای شیرین
گوتی وەفادار شاهی چاومەستان
نەترسای له شەڕ خوسرەوی دەستان
وا تەشریفت هات شیرینی ئەرمەن
به قوربانت بێ فەرهادی کۆکەن
پەنجەم هەڵوەرێ من نەمزانی تۆی
ئاگام لێ نەبوو له داوێنی کۆی
هەرگیز مەترسه له زامی شەودێز
بێ خۆف له باسی خوسرەوی پەروێز

شیرینی گرته باوەشی فەرهاد
تێر یەکیان ماچ کرد بە دڵێکی شاد
ئەو شەوە عەیش و نۆشیان کرد تەمام
بەڵام نەیان کرد کارێکی حەرام
شازادان هەموو قورس و سەنگینن
عەشقیان زۆر پاکە حەقیقەت بینن
لە پاش چەند سەعات فەرهادی کۆکەن
خستیە سەر شانی شیرینی ئەرمەن
شیرن و شەودێزی هەڵگرت بە سەرشان
ڕۆیشت بەرەو ڕووی شاری کرماشان
لە ماهیدەشت چوو بۆ هاڕوون ئاوا
گەیشتە کەرەند وەکوو ڕەشەبا
ڕۆیشت بۆ سەرپێڵ فەرهادی ئازا
هەتاکوو چوونە مەنزڵگای گەرا
لەبەر پای تاقا چل نەفەر زەنگی
ڕاداری ڕێ بوون وەک فیلی جەنگی
گەرای بێ ئیمان سەرداریان بوو
دایم شەڕ و شوڕ هەر کاریان بوو
نۆبەتچی لە دوور کە دی هات فەرهاد
بەربووە هاوار بە داد و بێداد
گەرای سەگ سفەت کە فەرهادی دی
هاتە ڕێ بە قاڕ بە حیددەت وتی
ئەرێ ڕێبوار شێتی بێ خەبەر
بۆچی وا هاتووی بێ خۆف و خەتەر
بۆچی نەتبیستوە تۆ ناوی گەرا

هاتووی بۆ ئێره بەبێ خۆف ئێستا
ماڵی شاهانت بە دزی بردووە
بەم نیوەشەوە ڕێت گوم کردووە
ڕاستیم پێ نەڵێیت ئەگەر هەر ئێستا
سەرت بە شمشێر من ئەکەم جیا
فەرهاد وتی پێی گەرای بەد خیساڵ
منم کۆکەنی وەستای کەمەر لاڵ
ئەمیش شیرینە بانووی پادشا
هاتبوو بۆ ڕاو ئەمڕۆ لە ڕێگا
بە شوێن ئاسکدا تاوی داوە، سەنگ
ڕانی شەودێزی وا کردووە لەنگ
منیش وا شیرین هەم لەگەڵ شەودێز
ئەیان بەمەوە بۆ قەسری پەروێز
گەرا وتی پێی ئەی خاکت بەسەر
چاک کەوتنە دەستم تۆ لەگەڵ دولبەر
ئەم کەی بە واتەی سەر ڕۆزگاران
یاخۆ ببمە سەنگ لەسەر دیاران
خوسرەو زاڵمە یەکجار خوێنڕێزە
فەرهاد کە هاوڕاز بانووی پەروێزە
بەمە بزانێ هەموو ڕووی دونیا
تێک ئەدا ئەمجا من چیبکەم ئەوسا
شیرین گوتی پێی ئەی گەرای سەرشێت
هەرچی تەڵەب کەی شەرتە بیدەم پێت
بگەڕێرەوە واز بێنە لێمان
هێندە بەهانە تۆ مەگرە لێمان

جوابی دایەوە گەرای ڕووسیا
گوتی ئەی شیرین قەحبەی بێ حەیا
شەرت بێ بە پەندی دەرماڵی شات کەم
شەرمەندەی هەموو حەرەمسەرات کەم
فەرهاد ئەمەی بیست هەڵیگرت قوڵنگ
هەڵمەتی بۆ برد بۆ گەرای سیاڕەنگ
گەرا بانگی کرد چل نەفەر زەنگی
گرتیان چوار دەوری فەرهادی جەنگی
شیرن وەختێ دی فەرهادی دانا
بە زەنگی سیا چواردەورەی گیرا
بە نینۆک گۆنای خۆی کرد بریندار
بەربووە شین و گریان و هاوار
ڕۆیشت بەرەو ڕووی گەرای ڕووسیا
نەڕاندی وتی چیت ئەوێ گەرا
لەعنەت لە قەومی زەنگی بێ یاخوا
ئێوە چل کەسن فەرهاد بە تەنیا
گەرا سەیری کرد کەوا هات شیرین
سوجدەی بردەبەر شۆخی نازەنین
وتی ئەی نازدار شیرینی ئەرمەن
من گەرام ئەمیش فەرهادی کۆکەن
من لە عەشقی تۆ خوم کرد بەڕادار
دوور بووم لە تەخت و تاجی شەهریار
ئەمە چەند وەختە ئینتیزاری تۆم
عاشقی لێوی شەکەرباری تۆم
ئەگینا قوربان خوسرەو حەدی کوا

بسپێرێ بە من نۆبەتچی ڕێگا

شیرن وتی پێی شازادەی زەنگی
بۆچی تۆ ئێستا مایل بە جەنگی
من لە عەشقی تۆ فەرهادم هێنا
کە بۆ من و تۆ تاقێ دروست کا
تیا داگیرسێنین فانۆس و چرا
کەیفی تیا بکەم تێر لەگەڵ گەرا
بنۆشین شەراب بە کامەرانی
بە عەیش و نۆش و بە شادمانی
جا گەرا وتی فەرهادی کۆکەن
تۆم بەخشی بە عەشق شیرینی ئەرمەن
بەڵام بەشەرتێ لەم کێوە ئێستا
تاقێ دروست کەی مەردانە ئازا
تا من و شیرین زوڵف ڕێحان بێز
یاری تیا بکەین بە کوێری پەروێز
قوڵنگی هەڵگرت فەرهاد دڵ پەشێو
بەربووە تاشین سەنگی سیای کێو
بە چەند سەعاتێ کێوەکەی تاشی
تاقی دروست کرد زۆر بە نەقاشی
سووڕەتی شێر و ئەژدەها و پەڵەنگ
لەگەڵ دوو پیاوی ئازای عەرسەی جەنگ
تێیدا دروست کرد فەرهادی کۆکەن
هاتە خاکی پای شیرینی ئەرمەن
ئافەرینی کرد شیرین لە فەرهاد

دەستی گەرای گرت بە دڵێکی شاد
گەرا سەیری کرد فەرهادی دانا
تاقی تەواو کرد لە جێی خۆی هەڵسا
دەستی شیرینی گرت چوونە ناو تاق
دانیشتن لەناو ئەو تاق و ڕەواق
گەرا بە ناڵە و ئاهی ساردەوە
یەخەی شیرینی بە زۆر کردەوە
بە پەنجەی وەکوو چڵۆسکی سیا
مەمکی شیرینی تێر گوشی گەرا
بە ددانی وەک کەڵبەی سەگی پیر
بچڕی ڕوومەتی شیرینی زویر
بۆنی کرد زوڵفی عەنبەرینی ئەو
بێ باک لە فەرهاد، بێ ترسی خەسرەو
شیرینی گرت و خستیە سەر زەمین
ڕاست بۆوە .... وەک گورزی قیرین
بەندۆخینەکەی پچڕاند بەند بە بەند
خەریک بوو بانووی شا بکا بە پەند
شیرین زیڕاندی وتی ئەی فەرهاد
نامەرد نامووسم وا ئەچێ بە باد
حەیا و نامووسم وا ئەدرێ بە با
فەرهاد دەخیلم پێم بگە خێرا
یاخوا فەرهاد عومرت بی بەرباد
قەد دانەنیشی بە دڵێکی شاد
یاخوا خوێنت ڕەنگ بکا کەفەن
گەرا بوو بە یار شیرینی ئەرمەن

دوو چاوت کوێر بێ فەرهادی چینی
بزانە شیرین چلۆن ئەبینی
فەرهاد ئەمەی بیست بە گورجی هەڵسا
هەڵمەتی برد بۆ گەرای ڕووسیا
وتی ئەی گەرا وا هات خوێنڕیزت
عیزرائیل ئەبات گیانی عەزیزت
ڕۆیشت هەتاکوو گەیشتە زەنگی
دایهێنایەوە تیشەی فەرەنگی
دای لەسەر سەری مێشکی دەرپەڕی
جگەری گەرای مەلعوونی بڕی
پێی نایە سەر پێی زوو بە دەستی ڕاس
هەڵی قڵیشاند هەر وەکوو پەلاس
هەوای دا لەسەر تاقی ئەبلەق ڕەنگ
ئەمجا زەنگیان خرۆشان بۆ جەنگ
چوو بەرەو ڕوویان پاشازادەی چین
وتی سەیر کە لە چاوت شیرین
شەڕی کرد لەگەڵ زەنگی نابەکار
بە قوڵنگ هەمووی کردن لەتوپار
ئەمجا هاتەوە بۆ خزمەت شیرین
شیرین بە سەد ناز فەرمووی ئافەرین
بە ڕاستی فەرهاد شازادەی چینی
هەر تۆ نازکێشی عەشقی شیرینی
ئەلحەق تۆی کوڕی پادشاهی چین
بە قوربانت بێ سەدی وەک شیرین
فەرهاد عەرزی کرد شیرن خێرا کە

شەوگار درەنگە با بڕۆین چاکە
شیرین و شەودێزی زوو هەڵگرت بە شان
ڕووی کردە دەشت و چۆڵ و بیابان
سێ بەشی لە شەو یا زیادە و یا کەم
مابوو گەیشتنە قەسری جەم حەشەم
شیرین خۆی چۆوە ناو حەرەمسەرا
فەرهاد شەودێزی بۆ تاوڵە کێشا
کۆڵەکەیەکی هەڵکەند بە بێدەنگ
تا بڵێن بەمە شەودێز بووە لەنگ
جا بە عەجەلە گەڕایەوە دوا
هەتا گەیشتە بێستوون ئەوسا
هەزار قوڵنگی ئازانە وەشان
ئەمجا لە مەشریق خورشید بوو عەیان
هەتا چەند مودەت خەریکی کار بوو
ڕۆژێ لە ڕۆژان تاقی بەهار بوو
سەریان دەرهێنا گوڵاڵەی خۆشڕەنگ
ئەدرەوشانەوە وەک لەعلی فەڕەنگ

## ﴿ڕویشتنی خوسرەو بۆ ڕاو و شکار﴾

خێڵخانەی شیرین زوڵفان عەنبەر بۆ
باریان کرد ڕۆیین بۆ بێستون کۆ
خوسرەو دەستی کرد بە ڕاو و شکار
لە پاشان چوو بۆ سەیرانی موغار
سەیری کرد کەوا فەرهادی دلێر

هەر سەنگ ئەتاشێ وەکوو نەڕەشێر
هێندەی نەماوە کار بباتە سەر
بگا بە وەسڵی شیرینی دولبەر
کە گەڕایەوە بە خاتری زویر
جەمعی کرد هەموو ئومەڕا و وەزیر
وتی دەخیلم جەرگەی ئەمیران
ئەی وەزیرانی خاوەن تەدبیران
هەی داد هەی بێداد پارە پارەم کەن
یاخۆ بە عەقڵ و تەدبیر چارەم کەن
من لەگەڵ فەرهاد گرەوم کردوە
کەچی کارەکەی وا تەواو کردوە
خەریکە کاری خۆی تەواو ئەکا
شیرینی شۆخی نازدارم ئەبا
ئیتر دوای شیرین باڵا نەونەمام
ژیان بە جارێ لێم ئەبێ حەرام
یا خوا کوێر ببم بێ یاری گیانی
دوای ئەو بۆچیمە من زیندەگانی
ئەگەر یەک سەعات شیرین نەبینم
بینایم کوێرە، مردنە ژینم
دیسان دەخیلم ئەمیرانی من
خاوەن عەقڵ و فام وەزیرانی من
تەدبیرێ بکەن بۆ حاڵی زارم
لە دەرد و داخا زۆر بێ قەرارم
ئەگەر من بێتو ئەمر کەم جەلاد
بە شمشیری تیژ سەر ببڕێ فەرهاد

بەدناوی ئەبێ لە ڕۆزگاران
بێ شەرەف ئەبم لای شەهریاران
فەرهاد کەم نییە گەلێ سەنگینە
کوڕی فەغفووری خاقانی چینە
لە قسەی خوسرەو هەموو ئەمیران
مەجلیس نشینان جەمعی وەزیران
مات و سەرسام بوون سەریان خستە خوار
هیچ کەسێ هەرگیز نەهاتە گوفتار
نەیاندا جوابی خوسرەوی پەروێز
زانییان ئەکا خەتایێ خونرێز
کە قسە کەوتە دەمی ئەم و ئەو
خەڵقی زانییان مەقسوودی خوسرەو
ناکاو لە کردار چەرخی کۆنەساڵ
هات پیرەژنێ پیسی پیرەزاڵ
پیرێژنێکی جادووگەری پیس
حیلەباز، بەدخوو، وەک ژنی ئیبلیس
خوێند بووی دەرسی شەڕ لەلای عەزازیل
شەیتان لە مەکری دامابوو زەلیل
ڕەش و دێز و بۆر چەرخی ناوچاو لووچ
مامانی جنی پاشماوەی دوا کۆچ
دوو مەمکی وەکوو جەوەندەی قیرین
قامەت چەوتاوە پیس و ناشیرین
لێوی وەک دەوار دێز و مەیموون دەم
بە ڕەوت هەروەکوو سەگی بەد قەدەم
هاتە ژوورە بە تەک و بە دەو

خۆی خستە بەرپێی تەختەکەی خوسرەو
وتی فیدا بم ئەی شا ئامانە
ڕەنگت بۆ زەردە وەک زەعفەرانە
بە قوربانت بێ دایەی کۆنەساڵ
بۆ من بەیان کە سەرتاپا ئەحواڵ
هەتاکوو ئێستا من بکەم چارەت
بکەم عیلاجی دڵی ئاوارەت
وەختێ ئەمەی بیست، شاهی لەعل پۆش
کوورەی دەروونی زوو هاتەوە جۆش
وتی: ئەی دایە، دڵم زامدارە
شەکر لە دەمما وەک ژەهری مارە
لەگەڵ سەنگتاشێ گرەوم کردووە
شیرینی منی بە گرەو بردووە
ئەگەر شیرینم لێ بستێنی ئەو
یەقین یەک سەعات نامێنێ خوسرەو
بێ شیرین ژیان لە من حەرامە
شیرین قیبلەگای دین و دنیامە
دەخیلم دایە زوو بیر کەرەوە
چارەی ئەم کارە بدۆزەرەوە
ئەگەر تۆ فەرهاد بکەی سەرنگوون
ئاوارەی بکەی لەسەر بێستوون
ئەتکەم بە بانووی حەرەمسەرای خاس
سەرتاپا لە زێڕ بۆت ئەکەم لیباس
دەردم ئەمەیە وا وتم تەمام
تەدبیر بە دەستتە دایە وەسسەلام

هەر کە ئەمەی بیست دایەی پیرەزاڵ
سوجدەی بردەبەر شاهی کەمەرلاڵ
عەرزی کرد وتی ئەمە ئاسانە
شەیتان لە دەستی من هەراسانە
شەرتە من کارێ بکەم بە فەرهاد
خوێنی بڕێژم زوو ببێ بەرباد
سەرتاپا باڵای بە خوێن ڕەنگین کەم
ئاگر لە جەرگی خاقانی چین کەم
بەڵام بە شەرتێ کە جەرگم بڕی
بە من کەرەم کەی وەزنی خۆم خوری
سێ ڕۆژ و سێ شەو ئەمر کە شوان
لە دایکیان جیا کەن کار و بەرخەکان
وەختێ کە چوومە لای فەرهاد ئەوسا
مەڕ و بەرخەکان تێکەڵاو بکا
خوسرەوی پەرویز ئەمری کرد لە شار
جارچی جاڕی دا لە کوچە و بازار
بە ئەمری خوسرەو پادشای سەروەر
جیا بکەنەوە لە یەک بەرخ و مەڕ
سی ڕۆژ و سی شەو لە ئەتڕافی شار
بەرخی خۆی نەدی هیچ مەڕی هەژار
لـە پاش سی ڕۆژە بەڕەڵا کران
بەربوونە هاوار مەڕی بەستەزبان
لێیان دا تەپڵ و دەهۆڵ لەگەڵ کووس
دەنگی گەیشتە چەرخی ئابنووس
ئەو جا پیرەژن هەڵسا دەستوبرد

تەبەقێ حەڵوای شەکری دروست کرد
خستیە سەر سینی نایە بانی سەر
ڕووی کردە کێوی سەختی پڕ خەتەر
هەمو هەنگاوی بـە گریان و شین
ئەیلاواندەوە بۆ باڵای شیرین
ئەیلاوەندەوە ئەیگووت هەی بێداد
کوێراییم دابێ بو ڕەنجی فەرهاد
گەیشتە فەرهاد بە ڕۆڕۆ و گرین
خوانی حەڵواکەی نایە سەر زەمین
وتی ئەی هەژار شێتی بێ خەبەر
فەرموو تێر بخۆ تۆ حەڵوای شەکەر
بخۆ بە شین و بە واوەیلاوە
حەلوای مردووە بۆ تۆم هێناوە
هەر کە ئەمەی بیست فەرهادی غەمبار
گوتی ئەی دایە پیری ڕۆزگار
سەدای شیوەن و گریان دێتە گوێم
کێیە مردووە توخوا بڵێ پێم
دەخیلە دایە پێم بڵێ ئەحواڵ
هەر شیرین خۆش بێ شۆخی کەمەر لاڵ
هەر شیرین خۆش بێ هەر کەس مردبی
عومری بۆ شیرین بەجێ هێشتبی
پیرەزاڵ وتی فەرهادی چۆڵگەرد
خاکت بەسەر بێ ئەمڕۆ شیرین مرد
ئێستا وا لە ژێر خاکی سیاسەنگ
شیرینی ئەرمەن کەوتووە بێدەنگ

گوارەی شیرینی خوسرەوی لاڵ پۆش
گرتوویە بە دەست کەوتووە بێهۆش
وەک چاوگڵکەران ئەڵێت هەی بێداد
شیرین لە پاش تۆ قەت نەبم دڵشاد
ئاخ بۆ جوانی تۆ شیرینی ئەرمەن
بۆ ڕەنجی بێسوود فەرهادی کۆکەن
فەرهاد کە بیستی مەرگی دولبەری
هۆشی دەرپەڕی لە کەللەی سەری
بێهۆش کەوت ساتێ خاقانزادەی چین
کە هاتەوە هۆش بە دڵی خەمگین
جا بانگی هەڵدا ماڵی بەسەردا
خۆی هێندە کوتا بە دار و بەردا
زۆر لەعنەتی کرد لە چەرخی گەردوون
بە کام نەگەییم لە پای بێستوون
بۆچی تۆ نەتهێشت بگەم بە مراد
ڕەنجی فەرهادت بۆچی دا بەباد
بۆچ بردتە ژێر خاک شیرینی ئەرمەن
بە ناحەق ڕشتت خوێنی کۆکەن
شیرین بەبێ تۆ من چیبکەم ئەمجا
بۆ لای کێ ببم دادی خۆم ئێستا
بۆ تۆ لە شاهی بوردم دەستوبرد
کێوی بێستوونم بە مەسکەنم کرد
شیرین قوربانی باڵای ئاڵات بم
خۆم بە قوربانی زوڵفی سیات بم
قوربانی تەختی ئەرمەن شارت بم

به فیدای کۆچی نادیارت بم
شازادەی شیرین ئەرمەن شارم ڕۆ
فەرهادی بێکەس، بێ غەمخوارم ڕۆ
گوڵ و گوڵناری ڕەونەقدارم ڕۆ
دوو دیدەی ئاهووی پڕ غومارم ڕۆ
لە پاش گریان و شیوەن و ڕۆڕۆ
وتی پیرەزاڵ ڕاست بڵێ پێم تۆ
کێ مەرگی شیرینی بە ئاوات خواستوە
کێ تۆی بە دەلیل بۆ لام ناردووە
تۆ چیتە لەگەڵ فەرهادی بێکەس
بۆچی منت کرد وەها بە قەقنەس
زۆر حەیفە بمرێ شیرینی ئەرمەن
تۆش وا زیندوو بی پڕ مەکر و پڕ فەن
خەریکی مەکری بە تەک و بە دەو
خەبەری مەرگم ببەی بۆ خوسرەو
تا لە مژدانەی مەرگمدا ئەوسا
گەنج و گەوهەرت بداتێ پاشا
بە میراتت بێ مژدانەی خوسرەو
شەرتە نەیبینی بە چاو ئیتر ئەو
مەرگت ئەخمە پێش مەرگم ئەمجا
هەرچی بە سەرما کە دێت قیروسیا
مەرگت ئەخەمە پێش مەرگی فەرهاد
لە پاشان عومری خۆم ئەدەم بە باد
پیرەزاڵی گرت ڕایکێشا بە پێش
دای بە زەمیندا بە دڵێکی ڕێش

پێی نایە سەر پێی قاچی ڕاستی گرت
هەڵی قلێشاند وەکوو جاوی تووت
لەسەر بێستوون بە توند هەوایدا
هەموو ئەندامی بوو بە تووتیبا

## ﴿خۆکوشتنی فەرهاد لەتاوی شیرین﴾

ئەمجا لە پاشان زۆر کردی خەیاڵ
گوتی پاش شیرین ساحێب خەت و خاڵ
فەرهاد چی ئەکەی خەیاڵت خامە
بێ شیرین ژیان بۆ من حەرامە
قوڵنگی هەڵگرت بە شین و زاری
بە ناڵە و ڕۆڕۆ بە بێ قەراری
وتی ئەی قوڵنگ ڕەفیقی چۆڵم
خۆت بدە لەسەر کەللەی کاپۆڵم
قوڵنگ چەند وەختە هەر تۆ یارمی
تۆی دایک و باوکم تۆ غەمخوارمی
لە پاشان ئەمجا بە سۆزی دەروون
خواحافیزی کرد لە کێوی بێستوون
گوتی بێستوون هاودەمی غەمخوار
من ئەچم بۆ لای شیرینی نازدار
وەسیەت ئەکەم بۆت ئەی کێوی ئازاد
لە بیرت نەچێ وەسیەتی فەرهاد
هەر وەختێ هاتن زوارانی چین
تۆ پێیان بڵێ بە دڵی غەمگین

بڵێ بێن ئەمە قەبری فەرهادە
کوژراوی قوڵنگ تیژی فولادە
عەرزییان بکە هەموو ئەحواڵم
لە دووری شیرین پەڕیشان حاڵم
ئەگەر شیرن هات ئەی بێستوون کۆ
بڵێ ڕووحی خۆی کرد فەرهاد فیدای تۆ
دەخیل و ئامان نەکەی فەرامۆش
وەسیەتی فەرهاد دێوانە و بێ هۆش
ئەم قسانەی گوت گەلێ دڵتەنگ بوو
وتی ئەی فەلەک مەیلت بە جەنگ بوو
کوا یاوەرانم کوا عەزیزانم
کوا خواجە و غوڵام کوا کەنیزانم
لە قەوم و خزمم کەس نییە لەلام
هەتاکوو کفن ببڕێ بە باڵام
فەرهادی غەریب لە بێستوون مرد
لە داغی شیرین وا خۆی شەهید کرد
پڕ بە دڵ گریا لە دووری یاران
فرمێسکی هەڵڕشت وەک تاوی باران
قوڵنگی هەڵگرت هەڵیدا فەرهاد
گوتی حەیاتم زوو بکە بەرباد
هاژەی کرد قوڵنگ لەسەر هەتا خوار
دای لە تەوقی سەر فەرهادی هەژار
سەرنووکی قوڵنگ نیشتە سەر سەری
لەتی کرد سەرپاک سینە و جگەری
تاساو حەبەسا زوو شازادەی چین

وەک داری شمشاڵ کەوتە سەر زەمین
خوێناو لە سەری دەرحاڵ سەری کرد
ڕەنگی گوڵناری بوو بە لیمۆی زەرد
ئاخی هەڵکێشا لە دڵی پڕ جۆش
پاش چەند دەقیقە ئیتر بوو بێهۆش
یامن هووی کۆکەن لەسەر شاخی چۆڵ
ئەما سارد بۆوە وەک تەختەی سەهۆڵ
کەنیزێکی شا هات بۆ بێستوون
ئەگەڕا لەسەر هەردە تووناوتوون
سەیری کرد فەرهاد غەڵتانی خوێنە
یاهوو یامن هووی بێ سەر و شوێنە
بەتاو چوو بۆ لای شیرینی ئەرمەن
وتی: کوژراوە فەرهادی کۆکەن
کە ئەم خەبەرەی بیست دەرحاڵ شیرین
بەربووە شین و گریان وناڵین
لە سەر تا داوێن یەخەی دادڕی
زوڵفی عەنبەربۆی بە مەقەس بڕی
هاواری ئەکرد ئەیگوت ئەی فەرهاد
یاخوا لە پاش تۆ دانەنیشم شاد

## ﴿ڕۆیشتنی شیرین بۆ سەر لاشەی فەرهادی شەهید﴾

بانگی کرد وتی شەودێز بکەن زین
بە خوسرەو بڵێن ڕوخسەتدا شیرین
با بچم بۆ سەر فەرهادی شەهید

له دیداری من بووه نائومید
کەنیزەکان چوون شەودێزیان هێنا
خەبەریشیان برد زوو بۆ خوسرەوشا
شاترانی شا کەوتنە بەر جڵەو
ڕۆیشتن لەگەڵ شیرینی خوسرەو
ئاوزەنگی لێدا شەودێز وەک باڵدار
غاری کرد هەتا شیرینی نازدار
چووە بێستوون بە دڵی ناشاد
چووە سەر لاشەی خوێناوی فەرهاد
دابەزی لە زین نقابی لادا
ڕووی مانگی شەوقی بە کۆ و چیا دا
گوتی ئەی هاوار شازادەی ماچین
ئاخری خۆت کوشت لە عەشقی شیرین
فەرهاد توخوا زوو هەڵسە لە خەو
وا هاتوەتە لات حەرەمی خوسرەو
زوو لە خەو هەڵسە ئەی شازادەی چین
گەرا گرتوویە وا ڕێگای شیرین
ڕێگاکەی قەسر هەروا لە بیرم
فەرهاد ڕەنجی تۆ بوو داوێنگیرم
جا دەریهێنا قوڵنگ لە سەری
خوێن بازرەقەی بەست زوو لە جگەری
بە بۆنی زوڵفی عەنبەربۆ شیرین
هێنایە هۆش خۆی شازادەی ماچین
تەکانی خۆیدا کە شیرینی دی
نەیتوانی لەبەر برینی کاری

ئیحترامی کرد بە دەم بۆ شیرین
وتی ئەمە تۆی قیبلەی دونیا و دین
شوکرانم بۆ زات خودای لامەکان
تۆ ماوی با من شەهید بم قوربان
هاتە جواب شیرین شای نەونەمامان
وتی ئەی فەرهاد دلێری دەوران
سەرت هەڵبڕە خۆ من شیرینم
بۆ زامی کاریت چاو بەگرینم
ئەی شازادی چین بۆ وات کردووە
چاو بەرزکەرەوە شیرین نەمردوە
لازم بۆ تۆ باش تەحقیق کەی خەبەر
ئەوساکە ببی دوچاری خەتەر
جوابی دایەوە فەرهادی کۆکەن
وتی فیدات بم شیرینی ئەرمەن
خۆ من کە بیستم ناوی مەرگی تۆ
هیچ فەرقی نییە ڕاست بێ یا درۆ
من سەرم ئێستا لەسەر ڕانت دی
ئیتر گەر بمرم خۆشە ئەی پەری
ئەم قسانەی کرد فەرهادی هەژار
گیانی تەسلیم کرد بە پەروەردگار
شیرینی ئەرمەن کە دی فەرهاد مرد
بە نینۆک گۆنای پارچە پارچە کرد
گۆنای بە ناخون پارە پارە کرد
تیپی خاڵانی زوو ئاوارە کرد
کەنیزان کردیان شینی بێ سامان

فرمێسکیان هەڵڕشت بە وێنەی باران
شیرینی ئەرمەن وتی فەرهاد گیان
گیانی شیرینت ببێ بە قوربان
شیرین بە قوربان چاوی مەستت بێ
فیدای قوڵنگ و هێزی دەستت بێ
سەرگەردی باڵای وەک عەرعەرت بم
قوربانی گۆنای گوڵی تەڕت بم
فیدای برینی سەخت و کارت بم
قوربانی قەتڵی نادیارت بم
قوربانی زۆری پاڵەوانیت بم
فیدای مردنی نەوجەوانیت بم
فیدای سەنگتاشی بێستوونت بم
فیدای حەسرەتی توێی دەروونت بم
سەرت هەڵبڕە چ وەختی خەوە
ئەمە شیرینی بانووی خوسرەوە
فیدای خەوت بم نازداری خاقان
بۆچی شیرینت وا کرد پەرێشان
یاخودا فەرهاد لاشەت نەیێشێ
فەغفوور ئینتیزار باڵات ئەکێشێ
میرئاخوڕ بۆ تۆ ئەسپی کردوە زین
هەنگامی ڕاوە لە سەحراکەی چین
سوپای شاهی چین مات و داماوە
سەر بەرزکەرەوە جەرگمان بڕاوە
فەرهاد گیان بۆچی خەوت بردەوە
وەجاغی چینت وا کوێر کردەوە

جوابم بەرەوە شازادەی سەروەر
من شیرینی تۆم هەی خاکم بەسەر
شیرین قوربانی بێ سوودی ڕەنجت
وا بە میرات کەوت خەزێنە و گەنجت
لە ڕێی شیرین دا عومرت دا بە باد
یاخوا لە پاش تۆ نەنیشم دڵشاد
کۆکەنی ڕەشید باڵا باشم ڕۆ
شازادەی ماچین سەنگتراشم ڕۆ
بە بێکەس مردووی بێستوونم رۆ
زامار غەڵتانی خاک و خوونم ڕۆ
دەروێشی هەژار چۆڵان گەردم ڕۆ
بە فتوای خوسرەو گیان سپەردم ڕۆ
غەریبی ناشاد دڵ غەمگینم ڕۆ
شەهیدی ناکام بۆ شیرینم ڕۆ
یاری دڵنەواز چینی مەئوام ڕۆ
قاتڵی سپای زەنگی سیام رۆ
شیرینی ئەرمەن هێندە لالاوە
سەنگی بێستوون هەموو تاواوە
ئەیگوت چۆن نەمرم من لە تاوی دەرد
خەڵق ئەڵێن ئەوا سەنگتراشێ مرد
وەک من نازانن شازادەی چینی
شەهیدی عەشقی باڵای شیرینی
گەر خوسرەو فتوای قەتڵی تۆی دابێ
بە تیغی ئەڵماس جەرگی بڕابێ
جەرگی پارچە بێ ئەولادی هورمز

وەکوو تۆ بە خوێن لاشەی بێ قرمز
یاخوا پاشی تۆ شاد نەبێ ئازیز
عومری هەڵوەرێ وەک گەڵای پایز
حەرامە ئیتر خوسرەو لە شیرین
لەگەڵیا ناکەم سەر لەسەر سەرین

## ﴿هاتنی شاپوور بۆ سەر لاشەی فەرهادی شەهید﴾

شاپوور هات کە دی ئەحواڵی فەرهاد
یەخەی دادڕی بە داد و بێداد
هاتە ژوور سەری بە ناڵە و خرۆش
ئەوەندە گریا هەتا بوو بێهۆش
هاتە هۆش گوتی شای فەرهادم رۆ
خاقانزادەی چین نامرادم ڕۆ
فەرزەندی عەزیز نووری دیدەم ڕۆ
شازادەی چینی بەرگوزیدەم رۆ
دڵتەنگ و بەدبەخت بێ نەسیبم ڕۆ
فەرهادی بێکەس هەم غەریبم ڕۆ
سەر بەرزکەرەوە مکە دەلاڵەت
بۆچی شاپوورت تۆ کرد خەجاڵەت
ئامانەتی تۆی خاقان دایە من
بۆچ ڕیشەی عومرت دەرهێنام لە بن
شیرین و شاپوور بە دڵی ناشاد
بە جووت هەڵیانگرت جەنازەی فەرهاد
لاشەی نازداری فەرزەندی فەغفوور

شوشتیان بە ئاوی زمزم و کافوور
لە عەبای شیرین بۆیان کرد کەفەن
یەعنی مرد لە داخ شیرینی ئەرمەن
قەبری بۆ هەڵکەند شاپووری دڵڕێش
پۆشی بە بەریا لیباسی دەروێش
لیباسەکانی خوێناوی فەرهاد
شاپوور هەڵیگرت بە داد و بێداد
ڕۆیشت شاپووری دڵ پڕ دەرد و غەم
شیرین بەربووە گریان لە حەرەم
ئەیگوت هەی بێداد لە چەرخی غەددار
بۆچ شاپوورت کرد ئەوا تار و مار
تەسکینم ئەهات بە قسەی شاپوور
کەچی ئەویشت وا لە من کرد دوور
بە ماتی دانیشت لە قەسری جامڕێز
لەعنەتی ئەکرد لە چارەی پەروێز
ئەیگوت یاخوا قەت نەبی دڵشاد
خوسرەو تۆ لە پاش شاپوور و فەرهاد
چاکەی فەرهادی خوسرەو واداوە
بمری بە دەرد و جەور و سەزاوە
گەر خاقانی چین بزانێ خەبەر
سەرزەمین ئەکا بە دەشتی مەحشەر
ئومێدم وایە بە خودای بێ باک
خوسرەو وەک فەرهاد ببێ سینە چاک

﴿باسی عاشق بوونی شێرۆیەی کوڕی خوسرەو بە شیرینی ئەرمەن﴾

با بکەین باسی شێرۆی بێ هونەر
حەرامزادەی زۆڵ پیسی بەد گەوهەر
عاشقی باڵای ئاڵای شیرین بوو
عەقڵ و شعووری لەسەرا دەرچوو
دەلیلێکی نارد مەلعوونی بێدین
بەیانی عەشقی کرد لە لای شیرین
دەلیل بە مەحرەم گوتی ئەی نازدار
شێرۆ عەشقی خۆی وا ئەکا ئیزهار
شیرین ئەمەی بیست قەدرێ حەبەسا
بێ هۆش بوو کاتێ هاتە هۆش ئەوسا
لە دەردی مەرگی فەرهادی دانا
بە قەتڵی خوسرەو زوو قەراریدا
وتی بە دەلیل بە شێرۆ بڵێ
سێ تەکلیف ئەکەم بیهێنێتە جێ
ئەمجا لە پاشان وەک پەروانە و شەم
پێکەوە ئەبین بەبێ دەرد و غەم
ئەوەڵ ئەمەیە زوو بکوژێ خوسرەو
دوو تەکلیفی تر ئەوسا ئەکەم لەو
ئەگەر نەکوژێ خوسرەو بە یەقین
هەرگیز شاد نابێ بە وەسڵی شیرین
دەلیل کە ڕۆیشت شیرینی ئەرمەن
بەربووە زاری و گریان و شیوەن
شیرینی ئەرمەن زوڵفان عەنبەربێز
زۆر لەعنەتی کرد لە شاهی پەروێز

گوتی هومێدم وایە کە ئەمجا
بکوژێتەوە زوو چرای خوسرەو شا
خوێنی بڕێژرێ بە دەستی شێرۆ
تا ڕۆژی مەحشەر سووک بێت و تڕۆ
دەلیل خەبەری زوو بۆ شێرۆ برد
قسەی شیرینی تەواو بەیان کرد
چاک قبووڵی کرد شێرۆی ڕووسیا
وتی پاش خوسرەو خۆم ئەبم بە شا
نەیزانی قەزا پێی نادا ئامان
بە لەعنەت ئەبێ تا ئاخر زەمان
کەوتە فکرەوە ئەو شێرۆی لەعین
بۆ قەتڵی باوکی حازر بوو یەقین
تەڕەفدارانی خۆی بانگ کرد بە تاو
بۆ تەدبیری دەرد، جگەری سووتاو
گوتی ئەی یاران جەرگم بڕاوە
لە عەشقی شیرین هۆشم نەماوە
وەختە لە عەشقی شیرینی ئەرمەن
منیش خۆم بکوژم هەر وەکوو کۆکەن
نۆبەتچییەکان تەنبیە کەن کە من
چووم نەکەن سەدا و هاوار و وەی من
کە خوسرەوم کوشت من ئەبم دڵشاد
ڕوتبە و مەعاشی ئێوەش ئەکەم زیاد
لە خۆشی شیرین شای شەدەلاران
پێتان ئەبەخشم خەڕاجی شاران
وەعدەیان پێدا وەختی نیوەشەو

بچێت لەت بکا جگەری خوسرەو
خۆلاسە شێرۆ پیسی بەدئەنگێز
نیوەشەو ڕۆیشت بۆ قەسری پەروێز
بە تاڵووکە و تاو و بە قین و خرۆش
چووە حوجرەکەی خوسرەوی لاڵپۆش
لێفەکەی لەسەر باوکی کە لادا
شەرمی باوکێتی مانع بوو وەستا
فکری کردەوە زۆر کردی خەیاڵ
گوتی زۆر حەیفە شاهی کەمەرلاڵ
بکوژم بە تاڵان بچێ تەختی شا
منیش تا مەحشەر ئەبم ڕووسیا
ئەو جێگەی خوسرەو تێیدا کەوتبوو
شیرینی ئەرمەن لەولای نوستبوو
کە دی مانگی ڕووی دولبەری نازدار
شعووری نەما ئەو شێرۆی غەددار
زوو هەڵیکێشا لە قەدی خەنجەر
دای لەسەر دڵی شاهی تاجوەر
شێرۆ خەنجەری وا لێدا بە قین
لە پشتی دەرچوو گەییە سەر زەمین
تاجی کەیانی و چقەی پەڕ تاوس
بازوبەندی لەعل شاهی کەیکاوس
هەرسێکی هەڵگرت شێرۆی بێ ئەدەب
زوو گەڕایەوە پیسی لامەزەب
خوسرەو پێکراوی زامی خەتەر بوو
لە خوێندا لاشەی سوور و ئەحمەر بوو

پەلی ئەهاویشت شای کەمەر لاڵان
هەر وەک گاکۆتر دایم ئەیناڵان
شیرین لە خەویا دی کەوا پەروێز
کەوتۆتە گێژاو و بەحرێکی خونڕێز
لە خەو بێدار بوو بەربووە هاوار
دەستی برد بۆ سەر باڵینی زەرکار
سەیری کرد لە خوێن مەوج ئەدا ئەمجا
بەربووە شین و زاری واوەیلا
کوژابوونەوە چراکانی شەو
تاریک بۆ قەسر و حوجرەکەی خوسرەو
پادشای بانگ کرد هیچ نەهاتە دەنگ
شیرین حەبەسا، بوو بە نەقشی سەنگ
پەردە و حیجابی شەرمی دڕی جا
بە ئاوازی بەرز گوتی خوسرەو شا
خوسرەو غەڵتانی دەریای خوێنین بوو
بێزار لە دەنگ و سەدای شیرن بوو
تێفکری ناڵەی خوسرەو بڵند بوو
مورغی ڕووح لە ناو گەروویا توند بوو
وەختێ دەستی برد بۆ سینەی پەروێز
هەڵئەقوڵا خوێنی بە وێنەی کارێز
شیرینی ئەرمەن وتی ڕسوا خۆم
مەحرووم لە دیداری پادشا خۆم
شینی فەرهادم خۆ تەواو نەکرد
وا شینی خوسرەو هات بە دەستوبرد
لە حەرەمسەرای کەیانی خوسرەو

سەدای واوەیلا هەڵسا نیوەشەو
حەرەمسەرایان خاسەی شاهانە
سەیریان کرد خوسرەو لە خوێن غەڵتانە
پەرچەمی خاوی خوسرەوی پەروێز
لە خوێنی ئاڵدا ڕەنگی بووبوو دێز
شیرین چوو دەمی نایە ناو دەمی
تێر تێر ماچی کرد کۆڵم و پەرچەمی
چاوی هەڵبڕی شای کەمەرلاڵان
گیانی تەسلیم کرد بە زاتی یەزدان
شیرینی ئەرمەن لە داخی پەروێز
بە ئەڵماس بڕی زوڵفی عەنبەربێز
گوتی پادشای حەوت کیشوەرم ڕۆ
شیرینی بێکەس بێ یاوەرم ڕۆ
سەرکردەی گەورەی تیپ و سپام رۆ
شاهی فیلەتەن ڕۆژی دەعوام ڕۆ
جەرگەی غوڵامان بێ ناز کەوتووم ڕۆ
دەرمانی دڵی قەت نەسرەوتووم ڕۆ
شازادەی نەوەی نەوشیروانم ڕۆ
خوسرەوی سانی نەوجەوانم ڕۆ
خوسرەو فیدای تاج خوسرەوانیت بم
قوربانی عەدڵی نەوشیروانیت بم
فیدای عەزیزان بێ ناز کەوتووت بم
قوربانی لاشەی لە خوێن خەوتووت بم
قوربانی جامی جەهان نومات بم
فیدای دەست ئەفشار گەنج و تەلات بم

دەخیلە دەخیل مەچوو بۆ سەفەر
بەکێ ئەسپێری شیرینی دولبەر
هەڵسە زوو لە خەو قەزات لێمکەوێ
بۆچ دەنگی منت تۆ نایەتە گوێ
خۆ من شیرینم خوسرەو فیدات بم
قوربانی باڵای سەروی ساوات بم
سەر بەرزکەرەوە توخودا خوسرەو
سەرداران چاویان لە ڕێتە ئەمشەو
میرئاخوڕ ئەسپی وا بۆ کردووی زین
چاوەڕوانتە شای واڵا نگین
هەنگامی ڕاوە لەسەر سەرئاوان
سەرسەوز و بۆرچین وان لە پای کاوان
کێ بۆت تێ بکا جا جامی شەراب
کێ بپرژێنێ لێت عەتر و گوڵاب
شیرینی ئەرمەن زویر و پەشێو حاڵ
ئەیلاواندەوە شاهی کەمەرلاڵ
لەو وەختەدا زوو شێرۆی شەڕەنگێز
هاتە حەرەمی خوسرەوی پەرویز
مەلایان بانگ کرد مەخلوقیان چڕی
ئاویان گەرم کرد کفنیان بڕی
زوو شوشتیان لاشەی جوانی شەهریار
خستیانە سندووق تەڵا و نوقرەکار
هەڵیان گرت دەرحاڵ بە تەختە ڕەوان
هەموو ئەهالی بەشین و گریان
بە قەدر و حورمەت خوسرەوی چالاک

لای قەبری فەرهاد سپاردیان بە خاک
شیرین لە مابەین قەبری هەردووکیان
دەستی کرد دیسان بەشین و گریان

## ﴿هاتنی شێرۆیە بۆ لای شیرین لەسەر گۆڕی فەرهاد و خوسرەو﴾

لە ناکاو بەتاو شێرۆیەی بێدین
بە پەرۆشەوە هاتە لای شیرین
گوتی ئەی نازدار شۆخی بێ هەمتا
هەتا سەر بۆ کەس نامێنێ دونیا
کوانێ سلێمان کوانێ ئەسکەندەر
کوا نەوشیرەوان عادڵی سەروەر
کوانێ کەیخوسرەو، کوانێ کەیقوباد
کوانێ شاهانی ساحیب عەدڵ و داد
کوا ئەفراسیاب، کوانێ نەریمان
کوا ئیسفەندیار ڕۆستەمی دەستان
کوانێ فرەیدوون ساحیب سپا و سان
کوانێ زەحاک و سامی نەریمان
کوانێ عاشقان دڵ پڕ غەم و دەرد
چی لێهات مەجنوون هەردەگێڵی هەرد
کوا شێخی سەنعان کە زناری بەست
لە عەشقی یاری بوو بە بتپەرەست
ڕاستی ئەڵێم پێت شیرینی شەوبۆ
خوسرەو من کوشتم لەبەر عەشقی تۆ
ئومێدم وایە شیرین من لە لات

دڵشادم بکەی بە وەسڵی باڵات
بە ڕۆژ و بە شەو بێ خورد و خاوم
لە عەشقی ڕووی تۆ جگەر سووتاوم
دەخیل و ئامان ڕەحمێ بکە پێم
گەر ڕەحمت نەبێ گیانە ئەسووتێم
شیرن بە حیلە زوو هاتە گوفتار
گوتی بە شێرۆ پادشای سالار
ئەوەڵ عاشقی باڵای فەرهاد بووم
لە پاشان بە وەسڵ خوسرەو من شاد بووم
وا لە پاش خوسرەو تۆ بووی بە یارم
تۆ بووی بە مونس دڵی زامارم
سێ شەرتم لەگەڵ تۆ کرد من ئەوسا
یەکێکیان ئەوا زوو بەجێت هێنا
دوو شەرتم ماوە تۆ بیگرە گوێ
جێگا و منزڵی خوسرەوت نەوێ
قەسر و قەڵاتی خوسرەو وێران کە
زوو قەسرێکی تر لە نوێ بونیان کە
هەموو خەزێنەی شای کەمەرلاڵان
بە ئیحسان و خێر بیدە بە ماڵان
ئەو وەختە زوڵفی ڕەش وەکوو عەنبەر
لەسەر سەری تۆ ئەیکەم بە سێبەر
چاوم ئەڕێژم بە سورمەی کۆی توور
ئەدرەوشێمەوە وەک مانگی پڕ نوور
بە برۆ و برژانگ وەک تیر و کەوان
ئەپێکم دڵی خانان و شاهان

تاجی جەواهێر ئەنێمە سەر سەر
ئەشکێنم شەوقی خورشیدی خاوەر
لیباسی شاهی بووکێنی خوسرەو
لەبەر ئەکەم بۆت شازادەی نیکڕەو
باش ڕائەبوێرین بە کەیف و خۆشی
بێ ترسی ئەغیار بە بادە نۆشی
بەڵام من تکام وایە لە لای تۆ
هەتاکوو چل ڕۆژ سەبر کە شێرۆ
تا چل ڕۆژ ئەبێ تەعەزیەبار بم
لەبەر تەعنەی خەڵق مات و غەمبار بم
شێرۆیە هەمووی قبووڵ کرد هەڵسا
ڕۆیشتە سەر تەخت، تاجی لەسەرنا
تەلاری شاهی هەموو وێران کرد
وەزیرەکانی گشت سەرگەردان کرد
بڕی چوارپەلی شەودێزی شیرین
عالەمێ هەموو بۆی بوون دڵ غەمگین
زوبانی باربود بە ئەڵماس بڕی
دەستی نەکیسای لە بێخا بڕی
کورسی ئەڵماس و ماری زەڕنشان
ناردی خستیانە دەریای بێ سامان
گەنج و خەزێنەی هەموو دەرهێنا
بەخشی بە لات و فەقیر و گەدا
بە گەنج و گەوهەر شاد بۆ ناکەسان
وەزیر و گەورە پاک بوون سەرگەردان

## ﴿شێرۆیە غوڵامێ بۆ خزمەت شیرین دەنێرێ﴾

ڕۆژێ شێرۆیەی زاڵمی لەعین
غوڵامێکی نارد بۆ خزمەت شیرین
وتی عەرزی کەن شیرینی خۆشبوو
وەعدەی چل ڕۆژە ئەوا تەواو بوو
دەلیلی شێرۆ چوو بۆ لای شیرین
تەعزیمی بۆ کرد کەوتە سەرزەمین
ڕاسپێری شێرۆ عەرزی کرد تەواو
شیرینی ئەرمەن زوڵف حەریری خاو
وتی ئەی دەلیل مەحڕەمی کاران
ئاگاداری کار شاهـ و خونکاران
هەر وەکوو شێرۆ بە من مەجبوورە
منیش بەبێ ئەو چاوم بێ نوورە
ڕوخسەتم بدات تا ئەچمە حەمام
ئارایش بکەم لە سەر تا بە پام
سەرێکیش بدەم لە قەبری خوسرەو
لە پاشان ئەمجا دێمە خزمەت ئەو
ئەمری کرد شیرین بە کەنیزەکان
چوون لەبەریان کرد جلی تازە و جوان
خۆشی لیباسی ڕەشی زوودا کەن
سەرتاپا پۆشی زەربەفتی خوتەن
ئاخرین جار بوو شیرینی جەم جام
لەسەر دونیادا کە چوو بۆ حەمام
خۆی ڕووت کردەوە شۆخی نازپەروەر

ڕۆیشتە حەمام وەک مانگی ئەنوەر
لە شۆقی جەماڵ شیرینی خۆش خوو
تاریکی حەمام تەواو ڕووناک بوو
شیرینی ئەرمەن شۆخی مەستە چاو
خۆی شوشت بە عەتر و عەبیر و گوڵاو

## ﴿چوونی شیرین بۆ سەر قەبری خوسرەو و فەرهاد﴾

هاتە دەرەوە بە دڵی ناشاد
چوو بۆ سەر قەبری خوسرەو و فەرهاد
گوتی گیانەکەم ئەی فەرهادی چین
لە من عاجز بوویت وا ماتی و غەمگین
چاوم لەو ڕۆژەی لە تۆ بووە دوور
بینایی کەمە وا بووە بێ نوور
لێم عاجز مەبە گەورە و سەروەرم
چەند ڕۆژە دوساخ شێرۆی کافرم
ئەی شازادەی چین شیرین بێ فدات
سەرت هەڵبڕە ببینم باڵات
جوابم بەرەوە فەرهادی سەروەر
من شیرینی تۆم ئەی خاکم بەسەر
ئەمجا بۆ خوسرەو کردی زاری و شین
خاڵانی هەڵکەند بە ناخون بە قین
هەڵیکەند وتی من نامەوێ خاڵ
قەدری نازانن غەیری کەمەرلاڵ
زوو هەڵسە لە خەو کەیانی نەسەب

تەختی داگیر کرد شێرۆی بێ ئەدەب
دانیشت لەسەر تەخت بە خۆشی و خوڕەم
خەریکە ئەمبا بە زۆر بۆ حەرەم
بەجێت بێنایە شەرتت بۆ فەرهاد
نەیان ئەکوشتی بە تیغی فوولاد
بە ناحەق کوشتت فەرهادی شەهید
منیش لە وەسڵی تۆ بووم نائومید
ئێستا وا کوژران تۆ لەگەڵ فەرهاد
منیش نامووسم وا ئەچێ بە باد
دووبارە ڕووی کرد بۆ قەبری فەرهاد
خەنجەری کێشا بە دڵی ناشاد
مشتووی خەنجەری لەسەر خاک دانا
سینەی مەڕمەڕی بە خەنجەرا دا
خوێن فوارەی بەست لە سینەی شیرین
کەنیزان دەستیان کرد بە زاری و شین
وتی کەنیزان بزانن هەموو
خوسرەوی پەروێز قەباحەت بار بوو
بەڵام مەعلووم بێ لە هەمووتان گشت
بۆ مەرگی فەرهاد من ئەوا خۆم کوشت
یاران هاوسەران وەسیەتم یاد کەن
پشتم لە خوسرەو ڕووم لە فەرهاد کەن
وتی: ئەی فەرهاد کەعبەی نیازم
گیانی شیرینم، قیبلەی نەمازم
کەنیزان بڕۆن خودا و ئاگادار
من وا ڕۆیشتم بۆ خزمەت دڵدار

ئاهی هەڵکێشا بە دڵی ناشاد
گیانی کرد فیدای نەوجوانی فەرهاد
ئەمجا کەنیزان باڵا عەرعەرین
قەدیم، خانەزاد باوانی شیرین
لە گیانی خۆیان بوردن هەموویان
دڵیان هەڵدڕی بە تیغی بوڕڕان

## ﴿پیاوێکی خاسی شێرۆیە دێ و دەبینێ شیرین کوژراوە﴾

پیاوێکی خاسی شێرۆیەی بێدین
هات کە سەیری کرد کوژراوە شیرین
شیرین مردووە لەگەڵ کەنیزان
هەموو لە خوێنا غەڵتانن یەکسان
بە یەلغار ڕۆیشت بۆ قەسری شێرۆ
بە هاوار هاوار بە شین و ڕۆڕۆ
سەیری کرد شێرۆ مەستی شەرابە
دەنگی تار و عوود، سەدای ڕووبابە
وتی بە شێرۆ ئەی خانە خەراب
شیرین مرد بۆچی ئەنۆشی شەراب
لەگەڵ کەنیزان مردووە شیرین
وەک گەڵای پاییز کەوتوون لە زەمین
شێرۆ کە بیستی مردنی دڵدار
شەراب لە دەمیا بوو بە زەهری مار
قومێ لە شەراب لە گەرووی گیرا
نە بۆی دەرئەهات نە ئەچۆوە دوا

حەوای دا لە دەست جامی زەڕنگار
هەڵسا لەسەر تەخت وەکوو شێت و هار
خۆی خستە خوارێ لە بانی تەلار
پارچە پارچە بوو شێرۆی بەدکردار
کۆیان کردەوە پارچەکانی زوو
زۆر لەعنەت کرا لە چارەی شێرۆ
شوشتیان بە ئاوی سەرا و تاقەوسان
بۆ شیرن کردیان شینی بێ سامان
پارچەیێ کەتان زوو کردیان کەفەن
نێژرا لای قەبری فەرهادی کۆکەن
هەموو کۆچیان کرد لە دونیای فانی
هیچ ڕایان نەبوارد بە کامەرانی
بەڵێ مەعلومە دنیای بێ وەفا
نامێنێ تاسەر بۆ شاهـ و گەدا
گەر لە دونیادا تۆ سلێمان بی
یاخۆ ڕۆستەمی مازندەران بی
یا ببی بە شای هەموو ڕووی جیهان
ببیە ئەسکەندەر یا نەوشیرەوان
ئەبێ شەرابی ئەجەل بنۆشی
بەرگی کەفەنی سپی بپۆشی
جێ بێڵی ماڵ و سەروەتی دونیا
قوڕ بەسەر ئەوە کە ماڵی ناخوا
یاڕەب بە حاجەت ڕەسوولی سەروەر
بە حەقی ئیعجاز پاکی پێغەمبەر
بە حەقی ئال و ئەسحابی نەبی

به ئالوبەیتی شاهی عەرەبی
به سیدقی سدیق، به عەدلی عومەر
به حەیای عوسمان، به نازی حەیدەر
ببەخشە خەتای ئوممەتی موختار
با له حزوورتا نەبن شەرمەسار
له لایێ نەفسی پیسی ئەمماره
له لایێ شەیتان، شومی بەدکاره
زەلیلی کردووین دیل و ئەسیرین
عاجز و پەشێو، لێو بەبار، زویرین
گەر بمان بەخشی ئەی خودای عالەم
له کەرەمی تۆ هەرگیز نابێ کەم
دەوا مەخسووسی دەردەدارانه
عەفووی تۆش هەر بۆ گوناهکارانه
لوتفت بێ پایان، عەفووت عەمیمه
ئیسمت غەفووره، شێوەت ڕەحیمه
ئەی خوای گەوره، هەر تۆی فریادڕەس
مەعلومه هەر تۆی بۆ بێ کەسان کەس
عەفو و کەرەمت زۆر بێ حیسابه
هەموو ئیرادەت عەینی سەوابه
ئێمەین خەتابار تۆ کەرەمکاری
پیشەت کەرەمه، هەر تۆ غەففاری
نامەی عەمەلمان سیایه وەک قیر
به دەست نەفسەوه داماوین زویر
ئەی خاوەن کەرەم خودای بێ هەمتا
مەگەر لوتفی تۆ نەجاتمان بدا

ببەخشە خەتای عەبدی پڕ تەقسیر
ڕووڕەشی قاپی تۆ عەلی باپیر
هەرچەندە خەتای لە حەد بەدەرە
زۆر گوناهکار و بەد و بێ فەڕە
بەڵام چونکە تۆ ئەناسێ بە حەق
ئیمانی پێتە قەدیمی موتڵەق
هومێدی هەیە شەهەنشای شاهان
ببەخشی خەتای بە پێغەمبەران

﴿بە عینایەتی خوای خاوەن عەتا تەواو بوو﴾